ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە

# بە نەمانی هێزەکانی (پەکەکە) لە قەندیل، دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستان کۆتایی نایەت

ئا: شابازکەریمی

**ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر ئەوەلی (کۆمەڵە)ی ئێران سەبارەت بە بارگرژیەکانی سەرسنوری هەرێمی کوردستانی نێوان دەوڵەتی تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان بۆچوونی تایبەتی هەیە و پێیوایە تورکیا لەمێژە لەهەموو پلانەکانی دژی کورد و حکومەتی هەرێم رۆڵی بینیوە. عەلیزادە پێشوایە (پەکەکە) تەنها روپۆش و بیانووی کێشەکەیە ئەگەر نا چەندین فاکتەری تر لە پشت ئەو هەرەشانەوەن.**

**لەمبارەیەوە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆماری عێراق بە پۆزەتیف وەسفدەکات و پێیوایە دەبێ گشت حزبەکان بۆچونی خۆیان هەبێت و پشتگیری (کۆمەڵە)شی بۆ چارەسەری کێشەکە نیشانداوە و تیشک دەخاتە سەر رۆڵی ئەمریکا لەم کێشەیەدا.**



*** پێدەچێت هەڕەشەکانی تورکیا جددی بن و ئەگەری پەلاماردانی کوردستان و ئەو مەترسییانە کامانەیە و فاکتەرەکانی پشتی چییە و چۆنیەتی چارەسەر و بەرگرییەکانی کامانەیە؟**

- مەترسی دەستێوەردانی دەوڵەتی تورکیە لە کاروباری کوردستانی عیراق رووداوێکی تازە نییە و ساڵهایە بەردەوام لە کایەدا بووە و گەلێک جار ئەم دەستێوەردانە بە کردەوەش دەرهاتووە. لە سەرەتای دەیەی نەوەتەوە تا ئێستا هێزی سەربازی تورکیە بە بیانوی "پ.ک.ک" و بێ بیانوی "پ.ک.ک" چەندین جار تا قوڵایی خاکی کوردستان هاتووە و جێگیر بووە و دوای کشانەوەش چەندین بنکە و پێگەی بە جێهێشتووە کە تا ئێستاش هەر لە جێگەی خۆیان ماون. لە هەر وتوێژێکی بەرەی کوردستانی یا حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا وەکو لایەنێکی پشتی پەردە حوزوری بووە و کاریگەری خۆشی لە سەر رەوتی گفتوگۆکان داناوە. کە وایە ئەو مەترسییە تازە نییە و بۆتە بەشێک لە واقیعی سیاسی ئەو ناوچەیە. دەوڵەتانی تورکیە، ئێران و ئیسرائیل وەکو سێ زلهێزی ناوچەیی ئەو مافەیان بۆ خۆیان داناوە کە هەر کامەیان بە پێی بەرژەوەندی خۆیان کاریگەرییان هەبێ لە سەر چارەنوسی خەڵکی ناوچەکە.

تایبەتمەندی هەڕەشەکانی ئێستای تورکیە هەڵدەگەرێتەوە بۆ دوو واقعییەتی تازەتر، یەکیان حوزووری ئەمریکایە وەکو هێزێکی دەسەڵاتدار لە عیراق و ئەوی تریان سەردەمێکە کە تێیدا پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە عیراقدا سەرلەنوێ دیاری دەکرێتەوە و یاسای نەوت پەسەند دەکرێ و چارەنوسی ئیدارەی کەرکوک روون دەکرێتەوە و پاشگەز بوونەوە لە مادەی 140 هاتۆوەتە ئاراوە. دوو دەوڵەتی تورکیە و ئێران کە بەرژەوەندی راستەوخۆیان لە کوردستانی عیراق بۆ خۆیان دیاری کردووە، هەوڵدەدەن ئەوەندەی بتوانن لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەختی سەربازی، ئابووری، دیپلۆماسی، ئەو بەرژەوەندییانە دابین بکەن یان لانی کەم ڕێگە نەدەن هەلومەرجی ئەو ناوچەیە بە زیانی ئەوان هەڵگەرێتەوە. مەبەستی سەرەکی هەڕەشەی ئەم دەورەیەی ئەرتەشی تورکیە بۆ هیرش بۆ سەر کوردستانی عیراق و ئەم کەمپینەی کە تورکیە خستویەتە رێ و ئەمریکاش بە کاردانەوەی لاوازی خۆی گلۆپی سەوزی بۆ هەڵکردووە، بەرێوەبردنی شەڕیکی رەوانییە لەگەڵ جەماوەری خەڵکی کوردستان، ترساندنیانە بۆ رازی کردنیان بەو بەشەی کە پێیان دەدرێ، ترساندنیانە لە ئاکامی پێداگرتنیان لە سەر بە دەستهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووسیان. ئەوان کەش و هەوای سیاسی ئێستای کوردستانی عیراقیان بە وردی لێکداوەتەوە و ئەو کاتەیان بۆ خستنە گەری ئەم شەڕە رەوانییە بە لەبار زانییوە.

لە واقعیەتدا بە لەبەرچاو گرتنی حوزوری ئەمریکا لە ناوچەکە و حەساسیەتێک کە داگیرکردنی کوردستانی عیراق لە لایەن ئەرتەشی تورکیەوە لە ناو دەوڵەتانی عەرەبیدا پێکی دێنی، هێرشی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستانی عیراق، ئەگەریش بە بیانوی هێرش بۆ سەر بنکەکانی "پ.ک.ک" لە قەندیل بەرێوە بچێ، پەلامارێکی سنووردار دەبێ. هەڕەشەی هێرشی بەربڵاو بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی سیاسی هاتوەتە کایەوە و بۆ ترساندنی خەڵکە.

خەڵکی کوردستان پێویستە بە وردی سنوورەکانی دەسەڵات و توانایی دەوڵەتی تورکیە بناسن، پێویستە بزانن کە پوچەڵکردنەوەی هاش و هوشی فەرماندەکانی ئەرتەشی تورکیە کارێکی نامومکین نییە. دەوڵەتی تورکیە خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی گەورە و چکۆڵەی لە چارە نەهاتوو دەرگیرە. بزوتنەوەیەکی جەماوەری لە کوردستانی تورکیە لە کایەدایە. بزوتنەوەی کرێکاری لە تورکیە بە هێزە. هێزە بورژواییەکانی ناو دەسەڵات تووشی چەند بەرەکین. ئەرتەش و دەزگای دەوڵەت ناکۆکن. زەختی دیپلۆماسی ئەوروپا بە سەر سەری ئەو وڵاتەدا قورسایی دەکات و گەلێک کێشەی دیکە. کاڵای هەڕەشە و گوڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیە لە قەدەر باڵای نییە. نابێ ڕێگا بدرێ بیر و رای گشتی خەڵکی کوردستان لەبەرانبەر ئەو پروپاگەندە و لەو سیاسەتە فیلاوییەدا کە لە ڕێکەوتنێکی رانەگەیەندراو لە لایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەوە بە کردەوە بەرێوە دەچێ تەسلیم بن.

***رۆڵی پۆزەتیف و نێگەتیڤی (پ.ک.ک) چییە کە تورکیا ئەوانی کردۆتە بیانوو؟**

- رۆڵی نیگەتیف یان پۆزیتیڤی "پ.ک.ک" لە سەر رەوشی کوردستانی عیراق هەر ئەوەیە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بویەتی، نە زیاتر و نە کەمتر. ئەگەر ئێستا هاتووەتە ناوەندی پڕوپاگەندەکەوە بۆ ئەوەیە پاساوێکی حقوقی لە چوارچێوەی پەیوەندی ناو دەوڵەتاندا بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە پێشتر باسم کرد، دابین بکرێ. بیانوی پ.ک.ک. رووکەشی قەزیەکەیە. دیارە دەوڵەتی تورکیە هەوڵدەدات زەربە لە "پ.ک.ک"ش بدات. هەوڵدەدات پاشەکشە بە خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کورد لە تورکیەش بکات. ئەگەر دەوڵەتی تورکیە لە بەرەوپێشبردنی ئەساسی سیاسەتەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێ، ئەمانە بەرهەمی لاوەکی دەبن کە دەتوانێ لێی بەهرەمەند بێ.

ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە داوای رێبەرانی "پ.ک.ک" دەکاتەوە، هەر بەشێکە لەم شەڕە رەوانییە. دەزگاکانی تەبلیغاتی تورکیە دەیانهەوێ لەم رێگەیەوە رووداوی تەحویل دانەوەی عەبدوڵڵا ئۆجالان کە لە پیلانێکی نێودەوڵەتیدا بەرێوەچوو، وەبیرو رای گشتی بێننەوە، ئەگینا خۆشیان باش دەزانن کە ئەمە چەندە داوایەکی بێ ناوەرۆکە.

هەلومەرجی ئێستای "پ.ک.ک" جیاوازە لە چاو ئەو کاتەی کە سەرکردایەتیەکەی لە دەرەی بوقاع و لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سوریەدا بوو. ئێستا ئەوان لە ناوچەیەکدان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بە سەریەوە نییە و ئەوان ئیمکانی تەحەروک و مانۆڕیان گەلێک لەو کات زیاترە، بە تایبەت کە ئەزمونی گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجالانیشیان هەیە، وەها رووداوێک ناتوانێ روو بدات.

"پ.ک.ک" گەلێک جار یەک لایەنە ئاتەش بەسی کردووە و چی سازش تەسەوردەکرێت ئامادە بووە ئەنجامی بدات، کە چی دەوڵەت و ئەرتەشی تورکیە نەیانسەلماندووە، کە وایە ناوەندی کێشەکە ناتوانێ پ.ک.ک، بێ و نەمانی هێزەکانیشی لە چیای قەندیل ناتوانێ کۆتایی بە دەست تێوەردانی تورکیە لە کاروباری کوردستانی عیراق بهێنێ.

*** پەیامی شاراوەی ئەمریکا چییە لەم بارەیەوە؟**

-پەیامی شاراوەی ئەو بێ دەنگیەی ئەمریکا ئەوەیە کە پاراستنی خەڵکی کورد لە کوردستانی عیراق لە هێرشی دەوڵەتانی دراوسێ بە دەست ئەمریکاوەیە. ئەمریکا تا ئەو کاتەی کە مەترسییەکە بە تەواوی جیدی دەبێتەوە بێ دەنگ دەبێ و لە کاتی خۆیدا وەکو پاڵەوانی سەر شانۆوەکە دەوری خۆی دەبینێ و کێشەکە چارەسەر دەکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە بە چ نرخێک؟ بە نرخی ئەوەی کە خەڵکی کوردیش گوێ رایەڵ بێ و زیادە خوازی نەکات. ئەوە ئەو واقعیەتەیە کە ئەمرۆ بە بەرچاوی هەموانەوە خەریکە بەرێوە دەچێ. ئیمتیازی ئەمریکا رەزایەت دانی خەڵکی کوردستانە بە جێبەجێ بوونی ئامۆژگاریەکانی بەیکێر_ هامیلتۆن.

***هەڵوێستی تاڵەبانی و بارزانی بە رەتکردنەوەی تەسلیمکردنی سەرکردەکانی (پ.ک.ک) تاچەند دروستبوو؟**

- ئەو هەڵوێستەی مام جەلال و کاک مەسعود چاوەڕوان کراو بوو و لە جێگاو شوێنێکدا کە ئەوان تێیدان ئەو هەڵوێستە ئاساییە. کێشەکە بەوە ئاڵوزتر نابێتەوە، کێشەکە بە ئەنقەست لە لایەن دەوڵەتی تورکیا ئاڵۆز دەکرێتەوە. مەبەستی دەوڵەتی تورکیەش ئەوە نییە کە ئەو داخوازییە جێبەجێ بێ، چونکە خۆشی باش دەزانێ ئەوان لەبەردەستی حکومەتی هەرێم نین تا تەحویلیان بداتەوە، بەڵکو ئەو جۆرە لێدوانانە بە چاوی سووک روانینێکی شوێنیستی لە پشتەوەیە و بەشێکە لەم شەڕە رەوانییەی کە ئەساسەن رووی لە جەماوەری خەڵکی کوردە و بە کردەوەش کارئاسانی دەکات بۆ بەرێوەچونی سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق.

***تورکیا هەوڵە میانرەو دیبلۆماسیەکانی رەتکردەوە بۆچی؟**

- تورکیە هەوڵی دیپلۆماسی لەگەڵ سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی رەت کردووەتەوە نەک لە گەڵ دەوڵەتی عیراق و لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەوان نایانهەوێ بە هیچ شێوەیەک ددان بە بوونی کێشەی نەتەوایەتی کوردا بنێن. لە پاڵ کۆکردنەوەی هێز و هێز نواندن و رێ خستنی کەمپەینی تەبلیغاتی هەوڵەکانی دیپلۆماسیش بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز بەردەوامە.

***گەر تورکیا هێرش بکات زیانەکانی چین و دەگاتە پێکدادان؟**

- هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستانی عیراق ئەگەر روو بدات، سنووردار دەبێ، لە رادەیەکدا نابێ کە کێشەیەکی جددی بۆ هەیمەنە و دەسەڵاتی هێزی ئەمریکا لە ناوچەکە بخولقێنی. هیچ بەرەوروو بوونەوەیەکی نیزامی لە نێوان هێزەکانی حکومەتی هەرێم، کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان هاوپەیمانی ئەمریکان، لەگەڵ ئەرتەشی تورکیە بە بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمریکا ئیمکانی نییە، کە وایە ناردنی هێز بۆ سەر سنوور سیاسەتێکی رەمزییە و بە مانای ئامادەیی بۆ بەرەو رووبوونەوەیەکی نیزامی نییە.

*** تورکیا باس لەبوونی پەیوەندی (پەکەکە) دەکات لەگەڵ ئەمریکا (پەکەکە) ئەم شەڕە چۆن دەکات؟**

- "پ.ک.ک" رێکخراوێکی لە بواری داراییەوە دەوڵەمەندە و بەشێکی زۆر لە جالییەی کوردی تورکیە لە دەرەوەی وڵات یارمەتی دەدات. هەروەها پەیوەندییان لە گەڵ چەند دەوڵەتی ناوچەکەش شاراوە نییە. یەکێک لە گلەییەکانی دۆستانەی ئەرتەشی تورکیەش لە بەرپرسانی سوپای ئەمریکا لە عیراق ئەوەیە کە پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ "پ.ک.ک" لە چیاکانی قەندیل و یارمەتییان داون. بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە پێویستە ئەوە بزانین کە شەڕی "پ.ک.ک" لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە لە 1983وە تا ئێستا مێژووی خۆی هەیە و کاردانەوەی سەرکوتگەری و ستەمکاری دەوڵەتی تورکیە لە دژی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کورد لەم وڵاتەیە. بەردەوامی ئەو شەڕە ئاکامی سەرسەختی دەوڵەتی تورکیە لە سەلماندنی هەر چەشنە رێگایەکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ پ.ک.ک. بووە.

*** گەنجان نارازین دەڵێن ئامادەنین خوێن برێژین پێتوایە وابێت و کەس ئامادەی قوربانیدان نەبێت؟**

- ئەمرۆکە دەتوانین لە هەستی ئەو گەنجە کە ئەو وشانەی وتووە، تێ بگەین و هۆکارەکانیشی دەناسین، بەڵام ئەگەر هات و رۆژێک لە رۆژان ئەرتەشی تورکیە کوردستانی عیراقی داگیر کرد، ئەوە هەلومەرجێکی بابەتییە کە خۆی لە خۆیدا زەمینەی بەرەنگار بوونەوە دەخولقێنی. هێزی هاندەر و رێکخەر و بەرێوەبەری خۆشی پێکدێنی. مێژووی خەبات و موقاومەت لەم وڵاتە ئەوەمان پێ دەڵێ، باوەڕناکەم فەرماندەکانی ئەرتەشی تورکیەش لەو راستیە غافل بن، کە سەرکەوتنی سەرەتایی ئەوان لەوانەیە ئاسان بێ، بەڵام موشکیلاتیان تازە لێرەوە دەس پێ دەکات و ئەوە پارویەک نییە کە بە هاسانی لە گەرویان بچێتە خوارەوە.

*** کۆتایهاتنی کێشەکە بەقازانجی (پ.ک.ک) دەتوانێ ئەم حزبە بکاتە حزبێکی گەورەترو بەهێزتر چارەنوسی ئۆجەلان بەکوێ دەگەینێ؟**

-تا ئەو جێگایەی کە ئەو ئەزمەیە بۆ "پ.ک.ک" هەڵدەگەرێتەوە پەیوەندی هەیە بە حوزوری هێزی چەکداری ئەم رێکخراوەیە لە کوردستانی عیراق. من لام وا نییە کە هەبوونی هێزی "پ.ک.ک" لە قەندیل و لە ناو خاکی کوردستانی عیراق خاڵی بەهێزی "پ.ک.ک"یە کە لەم قەیرانەدا کە بێهەوی کەڵکی لێوەربگرێ. بە پێچەوانەوە پێموایە ئەم هەلومەرجە، وەکوو بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێرانیش هەر وایە، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی خەباتێکە کە بەرێوەی دەبەن و بە پێی هەلومەرجێکی واقیعی پێش هاتووە. ئەم هەلومەرجە بەرهەمی پێشڕەوی خەباتی چەکداری نییە، بەرهەمی پاشەکشە پێ کردنیەتی. ئەوان لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن لە زیانەکانی ئەم ئەزمەیە بۆ رێکخراوەکەیان کەم بکەنەوە. بە رای من ئەگەر ئەوان بە بێ ئەوەی لە رووی ستراتیژەوە خەباتی چەکداری وەلا بنین، بە بێ ئەوەی هێزی چەکداریان بتوێننەوە، ئەرکەکانی کەم بکەنەوە و ئەولەویەتی خۆیان بخەنە سەر ئەو زەرفیەتانەی کە لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردستانی تورکیە و بە تایبەت لە شارەکاندا هەیە، قازانجی زۆرتری تێدا دەکەن و کەمتر بۆ سازان و سات و سەودا کردن دەکەونە ژێر زەختەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من پێموایە کێشەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیە لە سەر ئەساسی بەرنامە و ستراتیژی ئێستای پ.ک.ک. چارەسەری قەتعی ناکرێ و تەنیا مەجالی ریفورم کردن تێیدا هەیە.

عەبدوڵڵا ئۆجالان لە زیندان دایە و سەیرترین جۆری خۆشباوەری بە نیسبەت ئەو واقعیەتەوە ئەوەیە کە پێتوابێ کەسێک دوای ساڵەها ژیان لە سلولێکی تاکە کەسی دا، لە حاڵێکدا کە تەنیا مەعلوماتی دیاری کراو و کۆنترۆڵ کراوی دەرەوەی خۆی پێ دەگات، لە هەلومەرجێکدایە کە بتوانێ لە جێگاوشوێنی رێبەری دا سیاسەت داریژەر و رێ نیشاندەر بێ و تەنانەت تاکتیکەکانیش دیاری بکات و گوایا دەزگای "میت"یش ڕێگا بدات ئەو فەرمانانەی بە جێگەی خۆی بگەیەنێت. ئەوەی کە ئێستا گەلێک پێویستە مەحکوم کردنی کردەوەی دژی ئینسانی دەوڵەتی تورکیە بە نیسبەت عەبدوڵڵا ئۆجالانە، زەخت خستنە سەر ئەو دەوڵەتەیە بۆ ئازاد کردنی، هەوڵ دانە بۆ ئینسانی تر کردنی هەڵ و مەرجی ژیانی، ئەو لە هەلومەرجێکی ئاساییدا نییە بۆ هەڵویست گرتن لە سەر قەیرانێکی وەها ئاڵۆزدا. لێرەدا باس لە کەسایەتی ئەو نییە، باس لە هەلومەرجی واقعی ژیانی ئێستایەتی.